www.hetaw.net
ژمارە (٨٤٦) دووشەممە ١ی ئازاری ٢٠١٠ی زایینی
ساڵی نۆیەمو دووشەممەو چوارشەممەیەک

چەند لیستێکی کوردی جیاواز لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا ململانێی یەکتر دەکەن، هەریەکێک لەوانەش بەرنامەو پلانی خۆی پێشاندەدات، بەڵام ئەوەی بەفەرامۆشی تیادا دەبینرێت، بەهەند وەرنەگرتنی هەندێک مەسەلەی ستراتیژی نەتەوەییە

"بەکارهینانی زۆرترین میدیا بەمانای سەرکەوتنی لیستو کاندیدەکان نییە"

"هاوولاتییانیش دەتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان میدیایەکی راستگۆ و ناراستگۆدا"

برایم سەعید مامۆستا لەکۆلێژی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی

سازدانی: شەنکار عەبدوڵا
بەشی دووەمو کۆتای

برایم سەعید مامۆستا لەکۆلێژی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی لەدیدارێکی تایبەتی ڕۆژنامەی ئاڵای ئازادی لەسەر پرسی هەڵبژاردنو ڕۆڵی میدیا بەمشێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

ئاڵای ئازادی: لەهەڵبژاردنی پێشوی پەرلەمانی کوردستان تاچەند بابەتی مامەڵەیان کردووە لەگەڵ لیستو قەوارە سیاسییەکاندا؟

م. برایم سەعید: ئەگەر بەچاوێکی بێ لایەنەوە تەماشای ئەدای میدیای کوردستان بکەین لەهەڵبژاردنەکانی پێشودا، دەتوانین بڵێین لەمیدیای کوردیدا چەندین دیاردەی ناشارستانی بینرا، هەروەک تەشهیر بەچەندین کەس کرا، کە خوازیار بووین بەو شێوەیە نەبێت، بەڵام ئەویش بێ هۆکار نەبوو، بەڕای من سەرەکیترین هۆکار کەم ئەزموونی میدیاکان بوو بەرامبەر بە رووداوێکی لەو چەشنە، بۆیە چاوەڕوان دەکرێ لەئایندەدا بەرە بەرە ئەزموون پەیدا بکرێت.

هۆکارێکی تر کە لە میدیای کوردیدا بەدی کرا ڕەنگدانەوەی ستایلی میدیای شەڕی ناوخۆ بوو لەکاتی هەڵبژاردنەکانی رابردوودا، بۆیە لێرەوە جێگەی خۆیەتی ئەو جۆرە کارەی میدیا بە هەموو شێوەیەک ڕیسوا بکرێت، ئەویش لەمیدیای هەموو لایەنەکاندا بە بێ جیاوازی، بەڵام لەهەمووی ناخۆشتر مامەڵەی میدیاکان بوو لەدوای هەڵبژاردنەکان کە لای هەندێکیان بانگەشەی هەڵبژاردن کۆتایی نەهاتبوو، ئەمەش بەهەموو ماناکان دۆخێکی ئاڵۆز و بێزاری دروستکرد، باشتر وابوو میدیاکانی هەموو لایەنەکان دوای هەڵبژاردنەکان گوتاری خۆیان بگونجاندایە لەگەڵ هەلومەرجی دوای هەڵبژاردنو کاری هاوبەش، چونکە لەبەرژەوەندی خۆیانو میللەتیش دەبوو.

ئاڵای ئازادی: ئایا دەکرێت میدیا ئەهلیەکان لەهەڵبژاردن پشتگیری لیستێ بکەنو دژایەتی لیستێکی تر بکەن؟ ئەمە تاچەند لەکاری پیشەی خۆیان دوریان دەخاتەوە؟

م. برایم سەعید: بەڕای من میدیای ئەهلی سەربەخۆ بەمانا ڕاستەقینەکەی لەکوردستاندا بەتایبەت ئەو میدیایانەی کە کاریگەری دروست دەکەن بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام ئەوەی دەبێ ئامارژەی پێ بدرێ ئەوەیە، کە ناکرێ قسە لەسەر میدیای هەر ناوچەیەک بکرێت بەدور لەو چوارچێوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەی پێوەی بەندە، بۆیە کە قسە لەسەر میدیای ئەهلی لەکوردستانی عیراق لەلایەک لەلایەکی ترەوە میدیا بەشێوەیەکی گشتی لەرێگەی ژانرە جیاجیاکانییەوە زۆر بابەت بڵاودەکاتەوە کەهەندێکیان دەچێتە بواری گەیاندنی هەواڵو زانیاری گەیاندنو هەندێکیان دەچێتە بواری بیرو ڕاوە، بەڕای من باشتر وایە لەم قۆناغەدا میدیای ئەهلی بۆ پیشاندانی سەربەخۆیی بوونی خۆی لەبواری هەواڵو زانیاری گەیاندنا نەک لەم قۆناغەدا بەڵکۆ لەدوای هەڵبژاردنیش نەچنە نێو خانەی تەرەفداری کردن بۆ هیچ لایەک، بەڵام لەبواری خستنە ڕووی بیروڕاکاندا بەو پێیەی چەندین قەڵەمی جیاجیا بابەت بڵاودەکەنەوە ئەوە بێگومان ئەو میدیایانە ناتوانن ڕێ لەبیروبۆچونی ئەو نووسەرانە بگرن، بەڵام لەهەموو حاڵەتەکاندا، دەبێ دان بەو ڕاستیەدا بنێین، کەمیدیای ڕاستەقینەی ئەهلی لەکوردستاندا توانیویەتی جێی خۆی بکاتەوەو جەماوەرێکی زۆر بۆخۆی کۆبکاتەوە، هەروەها بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕۆڵی خۆشی هەبێ لەبورای سیاسی وڵاتدا.

ئاڵای ئازادی: تاچەند دەتوانین بەم پرۆسەیە بڵێین تەندروست کەحزبە بااڵ دەستەکان میدیایەکی زۆرو زەوەندیان لەبەر دەستدایە، لەکاتێکدا هەندێ لیستی تر شتێکی وەهایان نییە؟ ئەم ناهاوسەنگیە چ زیانێک لەدیموکراسی بوونی پرۆسەکە دەدات؟

م. برایم سەعید: ئەم حاڵەتە بەندە بە ستراکچەری میدیا لەهەرێمی کوردستاندا، خاوەندارێتی میدیا بەپلەی یەکەم لای ئێمە خاوەندارێتییەکی حزبییە، جا ڕاستەو خۆ زمانخاڵی حزب بێت یاخود ناڕاستەخۆ کە کەسانی دەستڕۆیشتوی ئەو حیزبەی لەپشتەوەیە، هەموو سەرفکردنێکی ماددی هەردوو جۆرەکەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو حزبە، بۆیە توانای ماددی ئەو حزبانە دەبنە پێوەرێک بۆ ژمارەی ئەو میدیایانەی کەهەیانە، بێگومان ئەمەش جۆرێکە لەناهاوسەنگی، بەڵام ئازادی سەرەکی لەوەدایە کە سەرڕای گرنگی میدیا بەتایبەت لەبڵاوکردنەوەی زانیاریو جۆشدانو بەرزکردنەوەی وڕەو ڕاکێشانی ئەو کەسانەی کەخۆیان یەکلایی نەکردۆتەوە بەرامبەر لیستو کاندیدێکی دیاریکراو، بەڵام ئایا ئیتر هەموو کات وایە؟ ئایا گەر لایەنێکی دیاریکراو زۆرترین کەناڵی میدیا بەکاربهێنێ ئایا سەرەنجام دەتوانێ لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوبێت؟ توێژینەوە زانستییەکانی میدیا ئەوەیان دەرخستووە کە بەکارهینانی زۆرترین میدیا لەلایەن لیستێکەوە یاخود کاندیدێک مانای ئەوە نییە ئیدی ئەو لیستو کاندیدە سەردەکەوێ، بەڵکو زۆرهۆکاری تر هەیە کە دەبنە مایەی سەرکەوتنی کاندیدو لیستەکان، بۆنمونە تیۆری (لێشاوی دوو قۆناغی میدیا) (Two Step Flow of Communication)ئەوەی سەلماند. ئەم تیۆرە دوابەدوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا لەساڵی (١٩٤٠) لەنێوان کاندیدی دیموکراتەکان (ویندل ویکلی)و کاندیدی کۆماریەکان (فرانکلین ڕۆزفلت) هاتە ئاراو، بەو پێیەی ویکلی زۆرترین میدیای بەکارهێنا، بەڵام ڕۆزفلت بردییەوە، بۆیە ئەم تیۆرە ئامارژەی بەوەدا کە سەرچاوەی ڕۆڵی میدیا، بەڵام کاریگەرییەکەی ڕاستەوخۆ لەسەر وەرگرنییە، بەڵکو ئەوە (سەرکردەی ڕا) کانە کەدەتوانن کاریگەری لەسەر زۆرینە دروست بکەن، جگە لەو تیۆرە چەندین تۆێژینەوەی تر جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە.

ئاڵای ئازادی: هەندێکجار لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکان هەندێ میدیا سەر هەڵدەدەن، مامەڵەیەکی ناتەندروستیش دەکەن لەنێوان لیستەکاندا، ئایا کێ بەرپرسە لەم وەزعە؟

م. برایم سەعید: ئێمە لەقۆناغێکدا دەژین لەوە دەرچووە بەر دەکەین دەبێ گرێی بدەینەوە بەو چوارچێوەیەوە.

میدیا بەدەر نییە لەبەجێهێنانی کۆمەڵێک ئەرک، شێوازی بەجێهێنانی ئەو ئەرکانەو ڕیزبەندیکردنیان پەیوەستە بەسیاسەتی میدیاکە، لەنێو ئەو ئەرکانەدا بێگومان لەسەر ئاستی دنیاش وەزیفەی سیاسی وەزیفەیەکی گرنگی کەناڵەکانی میدیایە، لەهەموو دنیادا ڕۆژنامەنووسان لەپاڵ دەستەبژێرەکانی دیکەی کۆمەڵگەدا ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەنەخشاندنی سیاسەتو پلانی وڵاتەکانیان، بۆ نمونە لەدواین هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکادا زۆربەی دەستە بژێرەکان ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لەسەر خستنی (باراک ئۆباما)، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کەئەوان هەتایە بەو جۆرە بیربکەنەوە، هەرئەو ڕۆژنامەنووسانە لەکاتێکی تردا بەشێوازێکی تر بیردەکەنەوەو پشتگیری لەکەسێکی تردەکەن، ئەمە هەموو لایەنەکان دوای هەڵبژاردنەکان گوتاری خۆیان بگونجاندایە لەگەڵ هەلومەرجی دوای هەڵبژاردنو کاری هاوبەش، چونکە لەبەرژەوەندی خۆیانو میللەتیش دەبوو.

ئاڵای ئازادی: ئایا دەکرێت میدیا ئەهلیەکان لەهەڵبژاردن پشتگیری لیستێ بکەنو دژایەتی لیستێکی تر بکەن؟ ئەمە تاچەند لەکاری پیشەی خۆیان دوریان دەخاتەوە؟

م. برایم سەعید: بەڕای من میدیای ئەهلی سەربەخۆ بەمانا ڕاستەقینەکەی لەکوردستاندا بەتایبەت ئەو میدیایانەی کە کاریگەری دروست دەکەن بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، بەڵام ئەوەی دەبێ ئامارژەی پێ بدرێ ئەوەیە، کە ناکرێ قسە لەسەر میدیای هەر ناوچەیەک بکرێت بەدور لەو چوارچێوە سیاسیو کۆمەڵایەتییەی پێوەی بەندە، بۆیە کە قسە لەسەر میدیای ئەهلی لەکوردستانی عیراق

لە پەیامی کەناڵەکانی میدیا بگرین، چونکە هەروەک دەوترێ گەر دەرگای ماڵەکانمانی لێ دابخەین، ئەوا لەکەلێنو درزەکانەوە دێنە ژورێ، بۆیە یەکەم شت ئەوەیە کە بزانین کەناکرێ کۆتایی بەو جۆرە میدیایانە بهێنرێت لەهەموو دنیاشدا ئەو کێشەیە هەیە، بەتایبەت لەماڵپەرە ئەلکترۆنییەکاندا، ئەمە لەلایەکو لەلایەکی ترەوە وەنەبێ ئەو جۆرە میدیایانە بتوانن ئەوەی مەبەستیانە بیهێننە دی، زۆر جار بە پێچەوانەوە دەشکێتەوە، هاوولاتییانیش دەتوانن جیاوازی بکەن لەنێوان میدیایەکی ڕاستگۆو ئەو جۆرە میدیایانە.

پرۆفایل:

- مامۆستا لەبەشی ڕاگەیاندنی کۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی

- ئێستا خویندکاری دکتۆرایە، سەرقاڵی نوسینی تێزی دکتۆرایە

- خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لەزانکۆی سلێمانی بە پلەی باڵا بە ناونیشانی (ئەرکی هەواڵگەیاندن لەتەلەفزیۆنیە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا)

- هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەبەشی ڕاگەیاندن/ لقی تەلەفزیۆن بەپلەی باڵا.

- دەرچوی بەشی ڕۆژنامەنووسی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی بەپلەی زۆرباشی باڵا.

- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانو ئەندامی فیدراسیۆنی نیونەتەوەیی ڕۆژنامەنوسان

- لەساڵی (١٩٩٤)ەوە سەرقاڵی کاری ڕاگەیاندە لەهەرسێ بواری بیستراو، بینراو نووسراودا.

پەرلەمانی نوێو کێشە نەتەوایەتییەکان

"پێویستە زۆرترین گرەو لەسەر بردنەوەی کێشە نەتەوایەتییەکان بکرێت"

ئا: ئەحمەد محەمەد گەرمیانی

وەک چاوەڕواندەکرێت ئەم خولەی پەرلەمان گەرمترو سەختتر بێت بۆ نوێنەرانی کورد لە بەغداد، ئەویش بەهۆی گۆڕانی هاوکێشەی سیاسی وڵاتو گەڕانەوەی سوننەو هەندێک لەهێزە شۆڤێنییەکان، سەر باریی ئەوەش لێکترازانی نێو ماڵی کوردی هەستی پێدەکرێت.

ئەوەی ئەم هەڵبژاردنە لەوانی تر جیادەکاتەوە، بوونی لیستی کراوە (نیمچە کراوە)و ڕاستەوخۆ هەڵبژاردنی کاندیدەکانە. هەربۆیە پارتو لایەنە سیاسییەکان باشترینو کاریگەرترین کادیرەکانی خۆیانیان خستە نێو ملمالنێکەوە.

یەکێک لەو ناوەندانەی زۆرترین قسە لەسەر کاندیدەکان دەکات زانکۆیە، زانکۆکاران دەخوازن چیتر پەرلەمانتار نوێنەری حزب نەبێت تاکو تەنها مەسەلە نەتەوایەتییەکان بکاتە پێشینەی کارکردنی تا متمانەی جەماوەری بەهێزتر بێتو ڕەگەکانی دیموکراسی تۆکمەتر بکەنەوە.

* هۆشیاری نەتەوەیی گرنگترینە

ئەحمەد کەریم وەک خوێندکاری کۆلێژی زانستی لەزانکۆی سلێمانی بەگرنگییەوە باسی مەسەلە نەتەوایەتییەکانی کرد، ئەو پێیوابوو ئەندامانی پەرلەمانی داهاتوو پێویستە زۆرترین گرەو لەسەر بردنەوەی کێشە نەتەوایەتییەکان بکەنو هەندێک بابەتی لاوەکی نەکەنە پڕۆژەو خۆیانی پێوە سەرقاڵ بکەن، چونکە ئێستا سەردەمی وروژانی پرسە نەتەوایەتییەکانە.

بەبۆچوونی ئەو خوێندکارە، تاکی کوردی تاپادەیەک کەمتەرخەمە لەئاست مەسەلە چارەنوسسازەکاندا، "نەوەی نوێ هەندێک بابەتی پشتگوێخستووە، کە سەردەمیترین باسەکانی کۆمەڵگە بێ کیانەکانە، هەر بۆیە ئێستا گرنگترین فکری نوێ، هۆشیاری نەتەوەییە".

چەند لیستێکی کوردی جیاواز لەهەڵبژاردنی ئەمجارەدا ململانێی یەکتر دەکەن، هەریەکێک لەوانەش بەرنامەو پلانی خۆی پێشاندەدات، بەڵام ئەوەی بەفەرامۆشی تیادا دەبینرێت، بەهەند وەرنەگرتنی هەندێک مەسەلەی ستراتیژی نەتەوەییە، کە بێگومان باسکردنی مافێکی سروشتی هەموو میللەتێکی ژێر دەستەیە، هەر بۆیە ئیتر کاتی خستنە سەر مێزی مافە ڕەواکانو چەسپاندنیەتی لەئیدارەو حکومەتی داهاتوودا کە گرنگترینیان مافە سیاسییە نەتەوایەتییەکانە.

خوێندکارێکی کۆلێژی یاساو ڕامیاری لەزانکۆی سلێمانی بەناوی کاروان سەلام دەڵێت "هەرتاکێکی ئێمە بەرپرس دەبێت لەبەرامبەر گەلەکەی، لەبەرئەوەی ئێستا بارودۆخی ناوچەکە بەهەوراز و نشێوییەکی ئاڵۆزدا دەگوزەرێتو ئەرکی نەتەوەیی ئێمەش قورستر دەکات، بۆیە پێویستە بەسەلیقەو وریاییەکی زۆرەوە مامەڵە بکەین".

بەبۆچوونی زۆرێک لەکوردستانیان، پەرلەمانی پێشووی عێراق زۆر هەوڵی خەفەکردنی هەندێک لەدەستکەوتەکانی کوردیدا، ئەویش بەهۆکاری تەبابوونی بەشێکی زۆری هێزە عەرەبییەکان لەسەر ئەم پرسە، سەرەڕای غیابی بەشێکی دیاری عروبەچییەکان، بەڵام بەگەڕانەوەی هەندێک لەوانو بەردەوام گەرمکردنی ئەم ئاگرە بەفیتی دەرو دراوسێ، کورد ڕووبەڕووی بەهێزترین تەگەرە دەبێتەوە.

* پەرلەمانتارەکان دەبێ نوێنەری گەل بن

بڕوا جەمال خوێندکاری کۆلێژی زمانە لەزانکۆی سلێمانی، ئەو بەپێویستی زانی لەسەر بنەمای حزبایەتی دەنگ نەدرێت، "چونکە مەسەلەی ڕکابەرایەتی هێزەکانو پشێویی سیاسی وڵاتی ئێمە پێویستی بەکەسانی خاوەن ئەزموونو پڕۆفیشناڵ هەیە".

ئەو خوێندکارە بەردەوام دەبێت لەسەر دەربڕینی بۆچوونەکانیو وتی "ئیتر کاتی دووركەوتنەوەی حزبە لەقۆرخکردنی کاندیدەکان، هەرچەند نکۆڵیش لەوە ناکرێت کە کۆمەڵگەو هۆشیاری حزبایەتی وڵاتی ئێمە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی ئیتر خوێندنەوەی تایبەت بۆ پرسی نوێنەرایەتی بکرێت لەپەرلەماندا".

"ئەوەی ئێستا بەزەقی دەبینرێت بانگەشەی حزبو ڕێکخراوەکانە بۆ کاندیدەکانیان کە دواتر بەپێی ڕێنماییەکانی ئەوان بەڵێ یان نەخێر لەپەرلەماندا دەکات، لەکاتێکدا ئەوان دەبنە نوێنەری گەلو پێویستە بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی میللەتەکەیان بخەنە سەرووی هەر کارێکی تر"، ئەمەش بەشێکی تربوو لەتێڕوانینەکانی بڕوا جەمال خوێندکاری زانکۆ.

کاروان سەلام وەک خوێندکاری زانکۆ بڕوای وایە باشترین میکانیزم بۆ هەڵسەنگاندنی توانای نوێنەرەکان لەهەردوو پەرلەمانی کوردستانو عێراقیشدا، بریتییە لەبوونی دەزگایەکی بێلایەنی نەتەوەیی کە لەلایەن زانکۆکانەوە بەڕێوە ببرێت بەهاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ئازادیخوازەکانو دووربێت لەدەستی حزب بۆ ئەوەی چیتر سیاسەتی کوردی بەئاراستەی خوارو خێچیدا نەبڕێت.

کاروان سەلام وتیشی "سەرەکیترین هۆکاری خراپی ئەدای نوێنەرانی کورد لەبەغدا لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە لایەنێکی بەرپرس نییە لەکارەکانی ئەو پەرلەمانتارانە بپرسێتەوە، هەر بۆیە ئەو دەتوانرێت بوترێت ئەو جۆرە لەپەرلەمانتار نوێنەری حزبە نەک گەل، چونکە لەبنەڕەتدا پەرلەمانتار نوێنەری گەلەو بۆخزمەتی گەلە".

خەڵکی کوردستان چاوەڕوانە پەرلەمانتارەکان پارێزە ری نەتەوەکەیان بن